# خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی  کوردستان و قومبەلەکەی عەلی باپیر و دەستوری ئیسلامی

عەلی مەحمود محەمەد

لە ناو پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆ گەرمە لە سەر دانانی دەستوور , کوردستان عەلمانی بێت یان ئیسلامی , لەو دیو دیوارەکانی پەرلەمانیش خەڵك بۆی نییە داوای ئاوو کارەبا بکەن . چونکە دیموکراسیەتەکەی کوردستان ناسنامەی خۆماڵی هەیە .

لە دیموکراسییەتە عاجباتییەکەی کوردستاندا , داواکردنی ئاو یاساغە نەك کورسی دەسەلات , ئەوە بە پشتاو پشت لەسەر خۆیان تاپۆ کراوە .

لە سلێمانی  قوتابیان لە تێنا هەموو کەوتونەتە سەر شەقام , چاوەڕوانیان نەکرد کاك کۆسرەت زێی هەولێر تەواو بکات , ئاخر تۆ سلێمانی بیر ڕێژ بکەیت بە خەڵك  بۆ ئاو  , توانای ڕاکێشانی بۆرییەك ئاوت نەبێت  بۆ قوتابیانی زانکۆ  , خەڵکی دوکان خەو بە ئاوەوە ببینن , چۆن دەتوانیت زێیەك بکەیت بە دیاری بۆ خەڵکی قەڵاو منارە .

دوا خۆپیشاندانی جەماوەری لە کوردستان , لە بەرواری  **26-6-1996** خەڵکی ئۆردوگای دارەتوو کردیان  , پاش چەند ڕۆژ لە خۆپیشاندانەکە کاك فەخرەدین گەرمیانی بەرپرسی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەولێر  ئازوقەی فریا خستن , لەوساوە بۆ ئەمساڵ , کوردستان کپ و بێدەنگ ,  یەك نارەزایەتیشی تێدا ئەنجام نەدرا , ئەمەیە ئەو دیموکراسیەتەی دەشێت ببێت بە ئەزموون نەك بۆ عێراق بەڵکە بۆ هەموو جیهان , شۆڕشی فەرەنسە خۆزگەی بۆ دەخوازێت .

ماوەیەکە  نارەزایەتییەکان لە کوردستان بەرفراوانتر بونەتەوە , لەدهۆکەوە بۆ ئاکرێ , هەولێر و سلێمانی و گەرمیان , لە پشدەرەوە بۆ کۆرێ یەك پارچە جەماوەر لە خۆ ئامادە کردندان , ڕۆژانە پەیوەندی دەکەن , داوای هاوکاری پشتگیری دەکەن , ئەمە هەمووی دەربڕی ئەوەیە مانگی هەنگوێن لە نێوان دەسەڵاتدارییەتی کوردی و شەقام کۆتایی هات , هەنگوینی سیاسەتی کوردی بوو بە زەهری مار , خەڵك لە توانایدا نەما هیچکە قەبوڵی ئەم هەموو دزییە بکات بە ناوی کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی ناوەند(هەولێر) و نۆکان(سلێمانی) لێیان دەکرێت .

ئەو ڕۆژە نەما بە ناوی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانییەوە بە ئارەزووی خۆیان شار داگیر بکەن , شاری خەون و فیرعەون ئاوە دروست بکەن , کەس نەزانێت مەتری شێخەڵا و ڕعایەی سلێمانی بە چەند لەسەر دزەکان تاپۆ کراوە , هەر دەم بکەیتەوە بڵێن  هەرەشەی داگیر کەران , قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی , پاکسازی ....  ئەمڕۆ لەو دەستەواژانە هەرزانتر و بی٘نرختر نین .

لەم نێوەدا زیان لێکەوتوی یەکەم هەر دۆزی کوردە , ئەوەی ئەو دزانە بە کوردیان کرد , هیچ جاشێك و دڕندەیەك نەیکردووە . ئاخر جەماوەر متمانەی خۆی دا بەو پارتانە , بەلاَم ئەوان دزیان لە جەماوەر کرد , چ کاتێك بینیوتانە لە دوای دزی کۆنتراکتی دوو شەریك تازە بکرێتەوە , دزی و خیانەت کۆتایی بە هەموو شەریکایەتییەك دەهێنێت  , ڕاستە کورد زاکیرەی لاوازە , بەڵام لاوان نا .

وەرن ناوی وەزیرەکانم بۆ بژمێرن ؟, وەرن ناوی کۆمپانیاکانم بۆ بژمێرن ؟ وەرن سەرمایەی کوردستان و بودجەی حکومەتم بۆ بژمێرن ؟ وەرن ... وەرن .

فیلّیان لە جەماوەر , حیزبەکان دیکە , ئەندامانی خۆیان کرد . مەترسیدارترین دیاردە ئەوەیە حیزب بگۆڕێت بۆ کۆمپانیای ئابوری , بە تایبەت لە کوردستان کە قەوارەی سیاسی نییە , وەرە چارەنوسی گەل لە دەستی بازرگان و قاچاخچیدا بێت ؟.

لە هەموو عێراق وەزیرەکان ڕژێمی پێشوو خرانە زیندانەوە , لە کوردستان موکەڕەم تاڵەبانی بە مانگانەی 40 خێزانی ئەنفالکراو خانەنشینکرا , لە هەموو عێراق فرۆکەوانەکان تۆڵەیان لێدەکرێتەوە , بە مەرجێك لە تارانیان داوە , لە کوردستان پاداشتە کرێن , لە هەمووو عێراق بەعس ڕیشە کێش دەکرێت , لە کوردستان تازە نەمامیان ڕەگ دادەکوتێ و پەروەردە دەکرێن .

دەزانن دەنگ نەدان لە هەڵبژاردن چ کارەساتێکە , یانی ئاشبەتاڵ , یانی گوریسمان هەموو دەبێتەوە بە خوری , بەڕاستی لە سەردەمی گەمەی سیاسییدا جگە لە دەنگدان هەرچی شێوەی خەباتی دیکەیە هەموو بە پوشێك , بەڵام دەنگ بە کێ بدەیت , بەوانەی ئەوەی لایان گرنگ نەبێت کورد و دۆزەکەیەتی , بەوانەی هەموو خەڵك لە تێنویەتیدا دەخنکێن ئەوانیش مەلەوانگاکانییان بەشی شارێك ئاوە گرێت ؟.

ئێستا ئێمە لە جێگەیەکدا قەرارمان گرتووە , دارێك بە دەسمانەوەیە هەردوو سەرەکەی گووە , گەندەڵی لە لایەك مەترسی لە دەستچوونی ئەوەی بە دەست هاتووە لە لاکەی دیکە , فتواکەی مامۆستا عەلی باپیریش لە سەروی هەمووی , کە هەڕەشەی دەستووری ئیسلامی دەکات بۆ کوردستان , لە جێگەی خۆ وەستانیش مەرگە , چونکە مرۆڤێك لە هەڵبژاردن دەنگ نەدا , بە مردوو دەژمێردرێت لە گەمە سیاسییەکان .

کێشەکە بەوە چارەسەر ناکرێت هەردوو ئیدارەکە یەکگرنەوە , کێشەکە بە هەڵتەکاندنی سیستەمی کارگێڕی کۆن و کۆتایی بە گەندەڵی و سزا دانی ئەنجامدەرانییەتی , دەبێت سەروەت و سامانی مەنقولەو غەیر مەنقولەیان دەستی بەسەردا بگیرێت , بەوانەشەوە لەسەر خەڵك و کۆمپانیا ئاشکراو وەهمییەکان تاپۆ کراوە .

لەوانەیە لە سەرەتاوە بتوانن بە سەرکوت و دیکتاتۆرییەت ڕاپەڕینی جەماوەری دابمرکێننەوە , چۆن ئێستا خۆپیشاندانەکان لە شێوەیساڵی 1982 ی کوردستان بە شەو ئەنجام دەدرێن , بەڵام چۆن زیندانی جادرییە شەرمەزار کرا لە جیهان , ئاواش دەبێت زیندانەکانی قەڵا چۆلان و ئاکرێ شەرمەزار بکرێن . ئەمڕۆ هەنگاوی یەکەمی داواکارییەکانی جەماوەر لەمانەدا خۆی دەبینێتەوە :

- ئازادی ڕێکخستنی خۆپیشاندان و مانگرتن .
- سستەمی دادگای سەربەخۆ .
- داخستنی دەرگای زیندانەکانی ئاکرێ و قەڵاچۆلان .
- نابێت هیچ کەسێك 48 کات ژمێر زیاتر بەبێ تاوان لە زیندان بمێنێتەوە.
- دەست بەسەردا گرتنی سروەت و سامانی مەنقولەو نا مەنقولەی بەرپرسان و کۆمپانیاکانییان .
- نابێت هیچ وزارەتێك و شوێنێکی گرنگ بدرێت بە کەس و کاری بەرپرسە گەورەکان .
- نابێت کوردستان بەرەو دەسەلاتی بنەماڵەیی ئیستبدادی بڕوات .

لەم نێوەدایە , ئەم ڕەشەبایە هەڵی کردووە , کاتێك عەلی باپیر گوێ بیستی ناڕەزایەتی دەرەوە دەبێت , هەلەکە دەقۆزێتەوە , هەڕەشەی خۆی دەست پێ دەکات , داوا دەکات نابێت لەوەی لە دەستوری عێراق هەیە کەمتر ڕۆڵ بە ئیسلام بدرێت لە دەستووری کوردستان , ئەو چاك دەزانێت ئیسلامییەکان لە دەرەوەی کوردستان زۆربەن , بەڵام لە کوردستان بە گزیشەوە نزیك بە 12٪ یان هەیە , ئەگەر پارتە بەناو عەلمانییەکان لە مەدا سازش نەکەن , نابێت هیچ نرخێك بۆ ئەو هەڕەشەیە دابنێن . دەبێت ئەوە چاك بزانن ئەندامانی کۆمەڵ یەك دەنگ بە لیستی هاوپەیمانی نادەن تاکو

یەکگرتوو وەستابێت , بەڵام مەترسییەکە لەوەدایە , مەترسی ئیسلامییەکان بکەنە بەهانەیەك بۆ بە جەزائیرکردنی کوردستان , لە ڕێگەی فتواکەی عەلی باپیرەوە ئازادی سەرکوت بکەن , دەنگی ناڕەزایەتی جەماوەر دامرکێننەوە .

باشە لە ئێستاوە بۆ هەڵبژاردن چی بکەین ؟, دەتوانین کەسانێك بنێرین بۆ بەغدا لە هاوپەیمانییەتی کوردستانی باشتر بێت , با سەیری لیستەکان بکەین ؟ , یان لێ گەڕێین چارەنووسمان لە بەغدا , ئەمجارە یەکگرتوو و کۆمەڵ و لیستی ئیئتلاف و سونە دیاری بکەن , چونکە کە من دەنگ نەدەم , ئەوان ئاسایی دەبن بە نوێنەرم ,, هەر بۆیە لەلایەکەوە لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوەرم بۆ چاکسازی و پاکسازی , لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ دەنگدانم بە هەر لایەنێکی کوردستانی , عێراقم بۆ نەکات بە ئەفغانستان و ئێران , ئەوەی ڕێسراوە نەیکاتەوە بە خوری , ترسناکترین سیناریۆ لە داهاتوو بۆ کورد ئەوەیە بە لاوازی بچێتەوە بەغدا , تاوانباری یەکەمیش سەرانی هەردوو حیزبن بە خۆیان و دزەکانیانەوە , کوردستانیان بەرەو دەسەڵاتی مافیایی ویراسی برد .

عەلی باپیر: ئەگەر کەمتر لەوەی لەدەستوری عێراقدا هاتوو دەربارەی ئیسلام لەدەستوری کوردستانادا نەیەت، قبوڵی ناکەین و جیادەبینەوە

pukonline

2005-11-18

ئاسۆ- عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی ووتی"نامەیرەسمیمان داوەتە پەرلەمانی کوردستان کە ئەگەر کەمتر لەوەی لەدەستوری عێراقدا هاتووە دەربارەی ئیسلام لەدەستوری کوردستانادا نەیەت ئەوە قبوڵی ناکەین و جیابونەوە رادەگەیەنین"هەروەک وتی"ئێمە ویستومانە کە لەگەڵ یەکگرتوو یەک لیست بین بەڵام ئەوانەی بەرامبەرمان پێیان باش نەبوو" لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا کەپێری ئێوارە دوابەدوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەی حزبەکەی بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن سازیکردبوو باپیرهۆکارو ئامانجەکانی کۆنگرەی رونکردەوەووتی"دیارە ئێمە بۆئەوەی خۆمان چاک بکەین کۆنگرەمان بەست تا چاکسازی لەکۆمەڵدا بکەین."

لەوەڵامی پرسیارێکی ئاسۆ دا لە بارەی ئەوەی ئێوە لە راگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەدا باستان لە سیستەمی دیموکراسی کردوە وەک چاکترین سیستەمی ئێستا کە مافی تاکو کۆمەڵ دەدات ئایا ئەوە سازشکردن نیە لەبەرنامەی ئیسلام کەئێوە بە بەرنامەی ژیانی دەزانن؟

عەلی باپیر ووتی" ئێمە ئەوە بەچاکترین بەرنامە دەزانین وەک سیستەمێکی مرۆیی لەکاتێکدا بەرنامەی خودا جێبەجێناکرێت ،کە ئەو سیستەمە خاڵی نزیکی هەیە لەئیسلامەوە ئەو سازشکردن نیە"

دەربارەی بەشداریکردنیان لەلیستی هاوپەیمانی کوردستاناناد و یەکنەگرتنیان لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامیش وتی" پارتی و یەکێتی تەکلیفیان کرد لە ئێمە کە بەشداریی بکەین لەلیستی هاوپەیمانێتیدا قۆناغەکەشمان بەهەستیار زانی بۆیە بەشداریمان کرد، ئێمە ویستومانە کە لەگەڵ یەکگرتوو یەک لیست بین بەڵام ئەوانەی بەرامبەرمان پێیان باش نەبوو" دەربارەی بروابون بەبەرنامەی حیزبەکانی دیکە وتی: ئەگەر ئەوان" حەق"ی ئێمەیان پێ راستنەبێت ئەوا ئێمەش "باتڵ"ی ئەوانمان پێ راستنییە "لایەنی سیاسی واهەیە ئازادی حەیوانیش بەئینسان نادات، من حیزبم پێشک دێت لەم کوردستانەدا کەبانگەشە دەکات بۆ دیموکراسی لەژورێکی 4 بە 5 دا 60 نەفەری تێکردوە کەهیچ شوانێک ئەوەندە مەڕ ناکاتە ژورێکی وەها"